زێنی بودیزم و *کۆتایی گەمەی* **سامویل بێکێت**
ئامادەکردنی: زانکۆی ئورمیە – بەشی ئەدەبیات
بابەتەت: لێکۆڵینەوە
وەرگێڕانی: هونەر شاهۆ

"تەواوی ئینسانەکان نەخۆشن. من پەرەسەندی ئەم نەخۆشییەم دۆزیوەتەوە و بە ناونیشانی پزیشکێک دەمەوێت ئێوە چارەسەر بکەم"

**بودا**

"کاتێک بوو
دەرگاکان کرابوونەوە
مەلی کات بێدەنگ بوو
ئەو بێدەنگ و
ئەم بێدەنگ،
بێدەنگی کەوتبووە قسە
هەر ڕووبارێک دەبووە دەریا و
هەر بوودییەکیش دەبووە بودا

**سوهراب سپهری**

ژنـی بودابیزم و *کۆتـایی گــەمەی* **ســامویێل بێـکێت**

پـوختـەیـەک

**ســامویێل بێکێت**، یەکێکە لە نووســەرانی ســەدەی بیســتەم کە توانیـویەتی بیروبۆچـوونی زۆرێک لە توێژەرەوەکان ڕابکێشێت بۆ لای خۆی. هەرچەندە ئەوەندە بەرهەمی ئەدەبییشی بەجێ نەهێشتووە، بەڵام هەر ئەم بەرهەمـانە لە چەنـد لایەنێکـی فـراوان و جیـاوازەوە لێکۆڵینەوەیـان بـۆ کـراوە. لەم وتارەدا شانۆنامەی *کۆتایی گەمە* لە ڕوانگەی زێنی بودییزمەوە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی بۆ کراوە. بەپێی ئەم لێکـۆڵینەوەیە یەکەمـین قۆنـاغ بـاس لە جیـاوازیی زێنـی بـودیی دەکـات، دواتـر تـاوەکو ڕادەیەکـی زۆر بە شـێوەیەکی تەواو لە گفتوگـۆکەدا بـاس لە ئامـادەکردنی شـانۆنامەکە، ناسـینی کەسایەتییەکان کردووە و ڕوانگەی هزریی کەسایەتیی چیرۆکەکە خاڵی هاوبەش لە نێوان ژن و ئەم بەرهەمەدا دەکرێت.

بەم ڕێکخستنە دەتوانرێت *کۆتایی گەمە* بە شاکارێکی گەورەی ئەدەبی، هەروەها **ساموێل بێکێت** بە نووسەرێکی بلیمەت و لێهاتوو ناو ببرێن. بلیمەتێک کە ژیان و کەلتوور و شارستانیەتی ڕۆژئاوایی لە ژنی بودایدا (کە بە ڕێبازێکی ڕۆژهەڵاتی هەژمار دەکرێت) بێبەهرە دانەناوە. لەگەڵ ئەمەدا کە ژن بە جۆرێـک لە دیـن، یـان بە واتـایەکی تـر بە جۆرێـک لە فەلســەفە هەژمـار دەکرێـت، بەڵام دەشتوانرێت ڕەگەکانی هەم لە شانۆنامەی *کۆتایی گەمەی* **ساموێل بێکێت**دا بدۆزرێنەوە.

کۆتـــایی گەمەی **ســاموێل بێکێــت** لە چەنــدەها دیــدگا و ڕوانــگەی جۆراوجــۆرەوە شــیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت هیچ کاتێک شیکردنەوەکان ڕاستیی شانۆنامەکە و مەبەســتی نووســەریان وەک خــۆی دەرنەخســتووە، لەبەر ئەوەی خــودی نووســەر خــۆی (واتە **ساموێل بێکێت**) لە زۆر شوێندا سەبارەت بە شانۆنامەکانی خۆی گوتوویەتی: "وشەی کلیلی ناو شــانۆنامەکانی مــن ‹‹لەوانەیە››"، کە ئەمەش بە دڵنیـاییەوە مەبەسـت لەوەیە کە تەواوی شــانۆکانی **بێکێت** هەڵگری چەندەها شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆرن. بۆیە ئەم شیکردنەوەیەش کە لە ڕوانگەی زێنی بودییزمەوە کراوە، بۆ شانۆنامەکە دەکرێت هاوشێوەی شیکردنەوەکانی دیکە گرنگ بێت و جێگەیەکی شیاو دابنێت.

زێنی بودییزم و کۆ*تایی گەمەی* **ساموێل بێکێت**

کۆ*تایی گەمە*، زێنی بودییزم، کۆئان،[1] یەکتایی، دوانەیی، خود و خواستەکان، نیرڤانا([2]).

...

لەڕاسـتیدا **بێکێت** باسـی چ بـابەت و ژینگەیەک دەکـات لە بەرهەمەکانیدا، کە بەو جـۆرە سـەرنجی لێکۆڵەرەوەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە؟ بە بیروبۆچوونی **جاکۆبسین** و **مۆلەر**، **بێکێت** هاوشێوەی باقیی نووسەرە گەورەکانی تر دەیەوێت شیکردنەوە بۆ ئینسان بکات. ئەو هەوڵی ئەوە دەدات کە وێنای کێشەکانی ئینسانی سەدەی بیستەم بکات، ئینسانێک کە تێدەکۆشێت تا جێگەی خۆی لەم جیهـانەدا بـدۆزێتەوە و خـۆی لەگەڵ تەواوی هەلـومەرج و بارودۆخەکانـدا بگونجێت. ئەو ڕەنـج و ئـازاری ئینسـانەکان پیشـان دەدات. کەسـایەتییەکانی ئەو زیـاتر لە ڕووی جەسـتەیی و لە ڕووی ڕۆحییشەوە لەناو ئازاردان. لەڕاستیدا لەبەر چی دەبێت ئێمە لەناو دەرد و ئازاردا بژیین؟ بۆچی بـودا دەڵێـت: "بـوون واتە ئازارکێشـان"؟ ئایـا لە بەرانـبەر تەواوی ئەم دەرد و ئـازارەدا پاداشـتێک وەردەگرین؟ **بێکێت** بنەمای ئەسڵی دەرد و ئازار لە *نائاگایی و بێهێزیی* ئینسان سەبارەت بە هەر بـارودۆخێکی دەبەسـتێتەوە بە خـودی ئینسـانەکە خـۆیەوە. ئەو بـڕوای بەوە هەیە کە ئێمە کـات و شــوێنە ئەســڵییەکانی خۆمــان ناناســینەوە و ناتوانیــت کێشــەکانی خۆمــان بە شــێوەیکی شایســتە چارەسەر بکەین. بە هۆی ئەم شرۆڤەیەوە بە چ ئومێدێک دەتوانرێت لەم جیهانەدا ژیان بکرێت؟ بودا وەڵامی پرسیارەکەی **بێکێت** دەداتەوە و ڕێگەی چارەسەر بۆ ئەو پێشنیار دەکات. ئەو دەڵێت: "ئینســان دەبێــت ســەبارەت بە ژیــان ئومێـدەوار بێـت و تەنهـا ڕێـگەی دەربـازبوون لە کێشــەکان، فەرامۆشکردنی خواستەکانە."

---

[1]. شتێک کە تێگەیشتنی دژوارە، یان مەتەڵ. لە بیروبۆچوونی بوداییەکانی سەرەتادا، نیرڤانە مەبەست لە چوونەناوەوەی ڕۆحە بۆ ناو جۆرێک لە ئارامییەکی خۆشبەخت و ئاسوودە.

[2]. لە بیروبۆچوونی بوداییەکانی سەرەتادا، نیرڤانە مەبەست لە چوونەناوەوەی ڕۆحە بۆ ناو جۆرێک لە ئارامییەکی خۆشبەخت و ئاسوودە.

له ساڵی 1969 بەرەو دواتر، شانۆنامەکان و ڕۆمانەکانی **ساموێل بێکێت**، زیاتر له ڕوانگەی بودابیەوه لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوه. لەم نێوەندەدا و لەم بارەیەوه کە توێژینەوەیان بۆ کراوه، دەتوانرێت پەیڵ *داڤیس* دەسنیشان بکرێت. ئەو لە زۆرێک لە بەشەکانی کتێبەکانی خۆیدا **بێکێت** بە بودا هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێت: دەتوانرێت بابەتێکی هاوبەش لە نێوان دەقەکانی **بێکێت** و **ئۆپا** نیشادەدا[3] و گێڕانەوەی تەواوی سروشتی ناوچەی تایبەت بدۆزرێتەوە. **جۆن لیلەند کیندێرت** –**گیبس**یش شانۆنامەکانی **بێکێت** لە ڕوانگەی زێنی بودییەوه لێکۆڵینەوەیان بۆ دەکات. لە 1989دا **پەیڵ فۆستێر**یش بە هەمان شێوه لێکۆڵینەوە دەکات بۆ ڕۆمانەکانی لە ڕوانگەی زێنی بودییەوه. **ریچارد –نکۆ**یش دوای لێکۆڵینەوەیەکی تەواو و ورد بۆ ڕۆمانەکان و دەقە دراماتیکییەکەکانی **بێکێت** ئاماژە دەکات بە بودا و زێنی بودیی. لەم کتێبەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت تاوەکو شانۆنامەی *کۆتایی گەمە* لە ڕوانگەی زێنی بودییەوه تا ڕادەیەک لێکۆڵینەوه و توێژینەوەی بۆ بکرێت.

شایەنی بیرهێنانەوەیە کە بوداییزم چەندەها بەش و دەستەی زۆری هەیە، "بەڵام ژن گونجاوترین و لەبارترین شکڵە کە دەتوانرێت بەرهەمەکانی **بێکێت** لەودا جێگەیان بکرێتەوه و شرۆڤەیان بۆ بکرێت. (**فۆستێر**)"، بەڵام لەو شوێنەدا (واتە لەم نووسراوەدا ئاماژە دەکرێت بۆ بوداییزم) پێویستە بە شێوەیەکی کورت لەبارەی بوداییزمەوه قسە بکرێت. بوداییزم و زێنی بودییزم هەردووکیان حاڵەتێکی ئەزموونایییان هەیە و ناتوانرێت باسی ئەوان بکرێت، بە جۆرێکی تر: واتە وشەکان هەرگیز ناتوانن مانای واقیعی و هەقیقیی ئەم حاڵەتە پڕ ئەزموونایییە بنووسنەوه؛ بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی **فۆستێر**ەوە: "زێنی بودییزم... ڕێگەی دەربازبوونە، ڕێگەی دەربازبوونە لەو شوێنە تەنگانەی کە کەسایەتییەکانی **بێکێت** یان لەوانەشە خودی **بێکێت** خۆی لەناویاندا گیریان کردووه".

ژن، "دەستەیەکە لە مەکتەبی *مەهیانا*، یەکێک لە دوو بەشە گەورەکەی ئایینی بوداییزم." کە لە سەدەی دوازدەدا لە چینەوه ڕۆیشتە ژاپۆن و لە دوای ئەوەوه لەگەڵ کەلتوور و تەمەنی خەڵکی ژاپۆندا تێکەڵ بوو. ژن یەکێک لە دیارییە گرانبەهاکانی ئاسیایە بۆ تەواوی جیهان. ژن ڕێگەیەکە بۆ ئازادی، ڕێگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی ئارامییەکی بێکۆتا. ئەم ئارامییەش بێکۆتایە بە نیر*ڤانا* ناو دەبرێت.

ئێستا بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە ئەزموونایییە زیاتر هەستی پێ بکرێت، ئاماژە دەکەین بۆ نموونەیەکی **ئالان واتس** (نووسەر و توێژەری ئەمریکایی) کە لەبارەی ئەزموونی ژنەوه نووسیویەتی:

"ئەو ژنی شوبهاندووە بە تۆڕێکی ژیر، کە لەگەڵ ئەودا هەر کەسێک دەتوانرێت ماسیی هەقیقەت ڕاو بکات. هەڵبەتە ماسیی هەقیقەت هاوشێوەی ئاو، لە نێوان شەبەکەی تۆڕی

---

. [3] گفتوگۆ لە ڕێگەی شیعرەوه لەبارەی میتافیزیکی هیندییەوه کە دواتر لە *ڤیداس* (کۆنترین دەقی دینیی هندی) هۆنراونەوه و ڕاڤەکرد نی ئەوان هەژمار دەکرێن.

ماسیگرتنەکە ڕەت دەبێت و دەگات بە ئاو. بەرانبەر بەمە، بۆ گەڕان بە شوێن ئەم ماسییەدا دەبێت بچێتە ناو ئاوەکەوە و دڵ بدرێت بە دەریا؛ بەڵام لەو شوێنەی کە ئینسان خووی بەوەوە گرتووە کە لە وشکانیدا بژیی، ناتوانێت هاوسەنگیی خۆی لە ناو ئاودا ڕابگرێت، بە هۆی ڕۆیشتنە ناو ئاوەکەوە نغرۆ دەبێت لە ئاوەکەدا، بەڵام پەلەقاژە دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات تاوەکو خۆی بهێنێتەوە سەرەوە یان بە هۆی شتێکەوە یارمەتی بدرێت تاوەکو نغرۆ نەبێت و نەخنکێت. دەستەوداوێن دەبێت لەگەڵ ئاوەکەدا، بەڵام ئاوەکە ناتوانێت ئەو بهێنێە سەرەوە، جگە لە ئاوەکەش هەم شتێکی تر لەوێ نادۆزرێتەوە و بوونی نابێت. کەواتە دوو حاڵەت دەمێنێتەوە: یان دەبێت نغرۆ ببێت و بخنکێت، یان دەبێت فێری مەلەکردن ببێت. دەستوور و هەقیقەتە مسۆگەرەکە ئەوەیە کە هیچ کسێک حەز ناکات نغرۆ ببێت. بەرانبەر بەمە، هەوڵی ئەوە دەدات بە هەر شێوەیەک بووە فێری مەلەکردن ببێت. دواجار بە هەوڵدانێکی زۆر و فراوان فێری مەلەکردن دەبێت و خۆی لەسەر ڕووی ئاوەکە دەهێڵێتەوە. دوای ئەوەی کە هەناسەیەکی قووڵ و ئاسوودە دەکێشێت، بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە لەگەڵ شەپۆلی ئاوەکەدا دەڕوات. ئێستا ئەو ئیتر هیچ جووڵەیەک ناکات، هیچ کاردانەوە و بەرهەڵستییەک پیشان نادات، هیچ خەیاڵێک یان بیرکردنەوەیەک دروست ناکات لە زەینیدا. بە شێوەیەکی دیکە: زەیینی خاڵییە. ئەو بە شوێن ئارامییەوە بووە و ئێستاش ئارامیی دۆزیوەتەوە. بەم ڕێکخستنە، ئەو ماسیی هەقیقەتی لە بوونی خۆیدا دۆزیوەتەوە. گەیشتن بە ئارامی، بە کۆتا قۆناغ هەژمار دەکرێت کە ناوی *نیرڤانا*یە".

ئێستا لەگەڵ ژنە ڕێبوارەکاندا دەچنە ناو پەرستگەی ژنەکانەوە تاوەکو ببینین بۆ هەستپێکردنی *نیرڤانا* دەبێت چ قۆناغێک تێپەڕێنین؟ ژنی ڕێبوار چەند ڕۆژێک دوای چوونە ناو پەرستگەکەوە، دەڕواتە ناو تالاری زیندۆوە([4]) و لەوێ دادەنیشێت. مامۆستاکان، پرسیاری لێ دەکەن لەسەر کۆئانی و ئەو دەبێت وەڵامیان بداتەوە. واتە بۆ ڕێکخستنی ژنە ڕێبوارەکە مامۆستاکان چەندەها کۆئانی دەپرسن، کە دەبێت ڕێبوارەکە وەڵامی ئەوانە بدۆزێتەوە. ئەم قۆناغە بۆی هەیە چەند مانگێک یان چەند ساڵێک درێژە بکێشێت. لەم قۆناغەدا ئەو دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە تێڕوانین، شێوازی فیکر، ڕەفتار، کردەوە، خووەکان و زۆرێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بگۆڕێت. بۆ نموونە چەند شتێک کە لەم بابەتەدا جێی سەرنجە: DUALITY.

یەکێک لەو بابەتانەی کە بۆ فەلسەفەی ژن گرنگە، بابەتی دژایەتی و دوانەیە لە سروشتدا. ئێمە ئینسانەکان لە دونیایەکدا دەژین کە لێوانلێوە لە تێگەیشتن و چەمکی دژ و ناتەبا. بۆ نموونە جوانی لە بەرانبەر ناشرینیدایە، تاریکی لە بەرانبەر ڕووناکیدا، نزمی لە بەرانبەر بەرزاییدا، خۆشی لە بەرانبەر ناخۆشیدا، چاکی لە بەرانبەر خراپیدا، ڕەشی لە بەرانبەر سپییەتیدا، پێش لە بەرانبەر پاشدا، تەڕ لە بەرانبەر وشکدا، جووڵە لە بەرانبەر وەستان و دەنگەکان و ... هەزار نموونەی دیکە. لە ڕوانگەی ئینسانی ئاساییەوە، خۆشی و ناخۆشی دوو بابەتن تەواو جیاواز و دژبەیەک، هەر بەو

[4] بەشێک لە پەرستگەی ژن کە بە زیندۆ یان تالاری ژن ناسراوە، کە ڕێبوار بەشێکی زۆری ڕێکخستنی خۆی لەوێدا دەبینێت.

جۆرەی نزمی و بەرزی، بەڵام فەلسەفەی ژن ڕوانگەی جیاوازی هەیە لەبارەی دوانەیەیەوە. بە هۆی ئەم مەبەستەوە ئەوان ئاماژە دەکەن بۆ سەمبولی ناسراو، ینگ–یین.

ینگ–یین، سەمبولی ناسراوی چینی

ینگ-یین سەمبولێکی ناسراو و دیاری چینییە لە بارەی دابەشکردنی دوانەیی هێزەکانەوە. ئەم سەمبول و نیشانەیە خاوەنی دوو بەشە: بەشی ڕووناک یان کارتێکەر کە بە ینگ ناو دەبرێت و بەشی تاریک یان کارتێنەکەر، کە بە یین ناو دەبرێت. ئاشکرایە کە ڕووناکی خاڵێکە لە بەرانبەر تاریکیدا و چالاکی خاڵێکە لە بەرانبەر نەبوونی چالاکی. ئەگەر کەسێک بڕوای بە بیرۆکەی دوانەیی هەبێت، جیاوازی دەکات لە نێوان تاریکی و ڕووناکیدا، بە واتایەکی تر ینگ و یین بە شێوەیەکی جیا دەبینێت، بەڵام لە ڕوانگەی مامۆستایانی ژنەوە، جیاکاریی ئەم دوو بەشە شتێکی قبووڵکەر نییە. ئەوانە بۆ سەلماندنی داواکەی خۆیان دەیانەوێت خاڵی دەستپێکردن بۆ ینگ و خاڵێکی تری دەستپێکردن بۆ یین بدۆزنەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە دوانەیی هەیە. ئەگەر کەسێک بتوانێت جیاکاری بکات لە نێوان ئەم دوو خاڵی دەستپێکردنەدا بە ئاسانی دەتوانێت داواکەی ئەوان ڕەت بکاتەوە، بەڵام وا دێتە بەرچاو کە هیچ کەسێک ناتوانێت کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدات. ینگ و یین، ئەگەر چی بە ڕواڵەت بە دوو هێزی ناتەبا و دژ دێنە بەرچاو، بەڵام پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان هەیە بەیەکەوە و کاریگەرییەکی زۆر دەخەنە سەر یەکتری. لە ڕوانگەی چینییەکانەوە: "هەر هێزێک هێزە دژەکەی خۆیشی لەگەڵدایە"، هەر یەکێکیان بەبێ ئەوی تر هیچ واتایەکی نییە. بە شێوازێکی تر، ئەمە تۆخمێکی پێکهێنەر و پێویستی یەکن. ئەگەر کەسێک *خۆشی* ئەزموون نەکردبێت، ناتوانێت بە شێوەیەکی تەواو هەست بە *ناخۆشی* بکات، ئەگەر کەسێک *جوانی* نەبینیبێت، ناتوانێت بە شێوەیەکی تەواو هەست بە ناشرینی بکات. بەرانبەر بەمە، دەبێت خۆشی و ناخۆشی، جوانی و ناشرینی لە یەک دیدگاوە سەیر بکرێن، چونکە لەو شێوازەدایە کە تاک دەتوانێت واتای تەواوەتیی ئەوان بە شێوەیەکی تەواو بدۆزێتەوە. بە هۆی ئەم ڕێکخستنەوە مامۆستایانی ژن بیرۆکە و ڕوانگەی دوانەیی ڕەت دەکەنەوە و لێکۆڵینەوە دەکەن لەسەر پرس و کێشەی یەکتایی،- تاقانەیی.

***

زەمەن و کات بابەتێکی ترە کە زەینی مامۆستای ژنەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو جیان لە یەکتری و ئەمە ئێمەین کە ئەم دەورەی زەمەنە لە زەینی خۆماندا جیا ناکەینەوە لە یەکتری و بەیەکەوە دایان دەنێین. "ڕابردوو و داهاتوو بۆ فەلسەفەی ژن بەتەواوەتی وەرنەگیراون و جیان لە یەکترەوە (**فۆستێر**)"، چونکە ڕابردوو

تێپەڕیوە و گەیشتووە بە کۆتایی[5] و وەستان بە هۆی ئەوەوە هیچ سوودێکی نییە، چ ئەوەی کە لە هەندێک بابەتدا بگات بە پەشیمانی. داهاتووش نادیارە و بیرکردنەوە لەبارەیەوە دەبێتە هۆی شێواندن و نیگەرانی و ئارامی لە ئینسان دەسێنێتەوە. (دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە ئامانجی ئەسڵی ژن، دروستکردنی ئارامییە بۆ ئینسان)، لە ئاکامدا تەنیا زەمەن و کاتێک دەمێنێتەوە (کە ئێستایە) کە ئینسان دەتوانێت تا ڕادەیەک دەستەجڵەوی شتە تازەکانی ئەو بگرێتە دەستیەوە و تەواوی ڕووداو و گوزارشتەکانی ببەستێتەوە. ژن دەیەوێت بڵێت کە ئێستا بدۆزەرەوە و هەر ساتێک لە ژیان بە ناونیشانی دواهەمین سات هەڵبسەنگێننەوە و دیاری بکە، چونکە لەم شێوازەدایە کە دەتوانیت هەست بە گرنگی و بایەخی ئەو بکەیت و بە شێوەیەکی شیاو و باش چێژ لە ژیان ببەیت.

زەینی ئینسان دەبێت هاوشێوەی ئاوێنەیەک بێت، واتە ڕێک هاوشێوەی ئاوێنە، کە هەموو شتێک پیشان بدات، بەڵام هیچ شتێک نەهێڵێتەوە بۆ خۆی. لەبەر ئەوەی ئەم دونیایە، دونیایەکە ڕوو لە لەناوچوون، گیرۆدەبوون و خووگرتن پێیەوە شتێکە کە هیچ پاداشتێک و دیارییەک ناهێنێت.

لە ڕوانگەی **فۆستێر**ەوە: "خووەکان (عادەت) ئێمە دەبەستنەوە بە ژیانەوە" لەبیرکردن و فەرامۆشکردنی خوو، دەستوورێکە دژوار و هیچ کەسێکیش حەز ناکات یان نایەوێت دەست هەڵبگرێت لە خووەکانی خۆی و تەرکیان بکات، بەڵام بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت سوود وەربگرێت لە تەواوی شادی و خۆشییەکانی نیرڤانا دەبێت زەینی خۆی بشواتەوە لە تەواوی ئارەزووەکان، گریمانەکان، بیروبۆچوونەکان و خووەکان. جگە لەم شێوازە، زیاتر گیرۆدە دەبێت بەم دونیایەوە و لە ئاکامدا تووشی نیگەرانی دەبێت و زۆر زیاتر ئازار دەکێشێت، ئازارێکی بەردەوام و هەمیشەیی.

لە سەر زەویی ژندا، تاک دەبێت خۆی و تەواوی ئارەزووەکانی بسپێرێت بە خامۆشی. چونکە ژن دەیەوێت زەینی ئێمە سەبارەت بە مانای هەقیقی و واقیعی ژیان بەئاگا بهێنێتەوە و بڵێت: پابەندبوون بەم دونیایەوە کە ڕوو لە نەمانە، هیچ سوودێکی بە شێوێنەوە نییە. **واتس** بڕوای بەوە هەیە کە دەبێت ئینسان هاوشێوەی پەڵەیەک لە هەور یان ئاوێکی ڕەوان بژیی و ئەوە ببینێت کە ژیان جگە لە وێناکردنێکی زووتێپەڕی جوان، هیچ شتێکی دیکە نییە. ژیانکردن هاوشێوەی پەڵەیەک هەور یان ڕۆیشتنێک هاوشێوەی ئاو، واتە ئەمە کە ئینسان بەتەواوی بوونی خۆیەوە بزانێت کە ئەم دونیایە، دونیایەکە ڕوو لە نەمان، کەوایە نابێت لەم دونیایەدا بە شێوین ئەبەدیەتەوە بیت، بەڵام ئێمە ئینسانەکان لەم دونیایەدا دەژین، چەندەها ئەزموونی جیاواز و فرەڕەنگ وەردەگرین، ئاشنا دەبین بە چەندەها بابەتی جیاواز، ئەوانە بەیەکەوە هەڵدەسەنگێنین، یەکێک لە یەکێکی تریان بە باشتر دەزانین و دواجار باشەکە هەڵدەبژێرین، بەم ڕێکخستنە دەگەین بە ئامانجەکانمان. بەڵام هیچ کاتێک هەست بە ڕازیبوون ناکەین، چونکە وا دەزانین ئەم جیهانە،

---

. [5]مۆسۆلینی: هەرگیز سەیری پشتی سەری خۆت مەکە.

جیهانێکی زووتێپەڕە کە لە دوای چەند ڕۆژێکەوە جێی دەهێڵین. ئینسان دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە خۆی و خواستەکانی لەبیر بکات و گیرۆدەیی خۆی بە دونیا و شتە ڕواڵەتییە فریودەرەکانی ئەوەوە کەمتر بکاتەوە، چونکە لەم شێوازەدایە کە دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسوودە و ئارام چێژ لەم ژیانە ببات.

لەبەر ئەوەی ئێستا کەمێک ئاشنا بووین بە زێنی بودیزم و ئەندێشەکەیەوە، وا باشترە ئاماژەیەک بکەین بە شانۆنامەی *کۆتایی گەمەی* **ساموێل بێکێت**...

بە هەڵدانەوەی پەردەی شانۆ، چوار کەس دەردەکەون لەسەر تەلاری شانۆکە: **هام**، **کلاو**، **نگ** و **نل**.

**هام** کەسێکی کوێر و سەقەتە کە لەسەر کورسییەکی گەڕۆک لە ناوەڕاستی تەلاری شانۆکەدا بە شێوەیەکی ئارام و بێدەنگ دانیشتووە.

**کلاو** خزمەتکاری **هام**ە کە بەردەوام بۆ ئەملاو ئەولای تەلاری شانۆکە دەڕوات.

**نگ** و **نل**یش باوک و دایکی **هام**ن، کە لە کارەساتێکدا پێیەکانی خۆیان لەدەست داوە و لە ناو سەتڵێکی زبڵدا دەژین.

تەلاری شانۆکە تا ڕادەیەک خاڵییە لە دیکۆر و لەوێ شتێکی زۆر تایبەت نابینرێت، جگە لە دوو پەنجەرەی بچووک کە لە تەنیش **هام**ەوە و لە بەشی سەرەوەی تەلاری شانۆکەدان. ڕووداوێکی تایبەت لە ماوەی شانۆکەدا ڕوو نادات و زۆر کات جووڵە و گفتوگۆ و دیالۆگەکان دووبارەن. لە کۆتایی شانۆکەوە **هام** دەموچاوی خۆی بە دەسرێکی خوێنین دادەپۆشێت و بە بێدەنگی دادەنیشێت. **کلاو**یش لە کاتێکدا کە ئامادەیە بۆ ڕۆیشتن، ئارام و بێ جووڵە لە تەنیشت **هام**دا دەوەستێت، **نل** دەمرێت و **نگ**یش لە کاتی مردنیدایە. بەم ڕێکخستنە پەردەی شانۆ دادەدرێتەوە و چیرۆکەکە تەواو دەبێت.

ئێستا بارودۆخ و حاڵی دانەدانەی کەسایەتییەکان شی دەکەینەوە تاوەکو بزانین کامەیان دەتوانێت بگات بە نیرڤانا یان هەمان ئەو توانا هەقیقییە. **هام** بە ناونیشانی کەسایەتییەکی ئەسڵی بۆ گەیشتن بە نیرڤانا ڕووبەڕووی چەندەها کێشە و بەربەستی زۆر دەبێتەوە، کە ئەم کێشانە دەبنە کۆسپێک بۆ گەشەکردنی فیکر و کەسایەتیی ئەو. لەم ڕستەیەوە دەتوانرێت کێشەی دوانەیی ببینرێت و قسەی لەسەر بکرێت. هەر بەو جۆرەی کە پێشتر ئاماژەمان کرد دوو پەنجەرەی بچووک لە تەلاری شانۆکەدا دەبینرێت. (ئەگەرچی ئەم دوو پەنجەرەیە بەرەو یەک لا دەکرێنەوە، بەڵام هەر یەکێکیان دونیایەکی جیاواز پیشان دەدات: یەکێکیان دونیایەکی وشک پیشان دەدات و ئەوی تریان دەریایەکی فراوان)، لە تەواوی شانۆکەدا **هام** چەند جارێک دوا لە **کلاو** دەکات تاوەکو

ئاگـاداری بکـاتەوە لە بـارودۆخی وشـکانی و دەریـا. **کـلاو**یـش بە تەلیسـکۆبێکەوە چەنـدەها جـار سەیری وشکانی و دەریا دەکات و ئەو ئاگاداری دەکاتەوە لە بارودۆخی ئەوێ.

لە شوێنێکی تردا **هام** بۆ ئەوەی لەو دونیا ڕەش و تاریکەدا ڕا بکات کە دروستی کردووە بۆ خۆی، بە **کلاو** دەڵێت:

"هام: (بە هەیەجانەوە) وەرە لێرە بڕۆین، بڕۆین بۆ باشوور، هەردووکمان بەیەکەوە. تۆ دەتوانیت کەڵەکێک دروست بکەیت و دواتر شەپۆلەکان دەمانبەن، دوورتر... بۆ لای... ئینسانەکانی تر.

کلاو: خودا ئەو ڕۆژە نەهێنێت.

هام: گرنگ نییە، تەنیا خۆم دەڕۆم! هەر ئێستا دەست بکە بە دروستکردنی کەڵەکێک، بەیانی من دەڕۆم بۆ هەمیشە و ئیدی من نابینیتەوە.

کلاو: (بە ڕاکردن بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات) هەر ئێستا دەست پێ دەکەم.

هام: پەلە مەکە! (**کلاو** دەوەستێت) کۆسە ماسی لێیە(6)، بیرت لێ کردووەتەوە.

کـلاو: کۆسـە ماسـییەکان؟ نـازانم. ئەگەر کۆسـە ماسـییەک مـابێتەوە کەواتە هەیە. (**کـلاو** بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات)

هام: پەلە مەکە! (**کلاو** دەوەستێت) چاوەکانت چۆنن؟

کلاو: خراپ.

هام: بەڵام دەتوانیت ببینیت.

کلاو: هەر شتێک کە بمەوێت.

هام : پێیەکانت چۆنن؟

کلاو: خراپ.

هام: بەڵام دەتوانیت بڕۆیت بە ڕێگەدا؟

کلاو: دێم و... دەڕۆم."

لە شـوێنێکی تـردا ئەو پێشـنیاری ئەوە دەکـات بە هـۆی پاسـکیلێکەوە بە وشـکانییەکەدا ڕا بکات. (بە شێوەیەکی تر، ئەو دەریا و وشکانی لە یەکتر جیا دەکاتەوە و بەم ڕێکخستنە پێشنیاری دوو ڕێگە دەکات بۆ ڕاکردن).

ئەو وەک دونیای دەرەوە و ناوەوە،ماڵەکەی بەیەکەوە هەڵدەسەنگێنێت. بە بیروبۆچوونی ئەو دەوروبەری نـاوەوەی مـاڵەکە هەرچەنـدەش ببێـتە هـۆی هەناسـەتەنگی و دروسـتکردنی هەناسەتەنگی، هێمنتر و ناسراوترە لە دونیای دەرەوە. شایەتی ڕووداوەکە ئەوە پیشان دەدات کە ئەو ناتوانێت یەکتـایی و تاقـانەیی لە جیهانـدا ببینێت، بەڵام هەر بەو جۆرەی کە پێشـتر گوتمـان لە ڕوانگە و بیروبۆچوونی مامۆستایانی ژنەوە بەتەواوەتی شتێکی وەرنەگیراوە.

---

6 ئەو ماسییانەی کە لە زەریادا و لە ئاوی گەرمدا دەژین و گۆشتخۆرن و بەردەوام ماسیی تر ڕاو دەکەن.

کات، کێشەیەکی ترە کە دەبێتە سەد ڕێگە بۆ ئەو. ئەگەرچی ئەو لە ئێستادا دەژیی، بەڵام پەیتاپەیتا بیرەوەرییەکانی ڕابردووی دەهێنێتەوە بیر. ئەو ڕابردوویەکی تاریکی هەیە. ئەو لە ڕابردوودا دەیتوانی یارمەتیی زۆرێک لە کەسەکانی بدایە و گیانی زۆرێک ڕزگار بکات لە هەر نەهامەتی و ئازارێک، بەڵام شانازی و سەربەرزییە هەڵەکەی بووەتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی بێڕەحمانە هەموو یان لە خۆی دوور بخاتەوە. ئێستا کە گەیشتووەتە تەمەنێکی پیر و هێزی خۆی لەدەست داوە پەشیمانە لە تەواوی کارەکانی خۆی، لەبەر ئەوەی دەزانێت داهاتوویەکی تاریکی لە پێشدا دەبێت.

"کلاو: (بە تووڕەییەوە) لە بیرتە ڕۆژێک دایە **پگ** نەوتی ویست بۆ چراکەی و تۆ گوتت بڕۆ بۆ دۆزەخ. دەزانیت دواتر چی ڕووی دا؟ (دوای کەمێک وەستان) دەزانیت دایە **پگ** بە هۆی چییەوە مرد؟ بە هۆی تاریکییەوە.

هام: (لاواز) من هیچ شتێکم نەبوو.

کلاو: (هاوشێوەی پێشووتر) بۆچی هەتبوو؟ (دوای کەمێک وەستان)"

ڕووداوەکانی ڕابردوو بە جۆرێک زەیینی **هام**یان سەرقاڵ کردووە کە ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک هەست بە ئێستا بکات و تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە.

"هام: (دەسرەکەی دەق دەدات، دەیخاتە گیرفانیەوە و سەری بەرز دەکاتەوە) من دەمتوانی یارمەتیی زۆر کەس بدەم (دوای کەمێک وەستان). بەڵێ، من دەمتوانی یارمەتیی ئەوان بدەم. (دوای کەمێک وەستان). تەنانەت دەمتوانی گیانی ئەوانە ڕزگار بکەم. (دوای کەمێک وەستان). بەڵێ، دەمتوانی. (دوای کەمێک وەستان). بەڵێ، دەمتوانی ئەوانە ڕزگار بکەم. (دوای کەمێک وەستان). من، من دەمتوانی."

**کلاو** کە بە خزمەتکاری **هام** و بە زڕکوڕی ئەو دادەنرێت، ماندوو بووە لە دەستی ئەو و دەیەوێت جێی بهێڵێت، ئەم دەستوورە ئەوی تووشی پەرۆشی و نیگەرانی کردووە. ئەو نیگەرانی داهاتووە و ترسی داهاتوو ئارامی لەو بڕیوە. چونکە ئەو پێویستی بە **کلاوە**. **کلاو** لە باتی ئەو دەڕوات، لە باتی ئەو دەبینێت، خواردن، دەرمانی هێورکەرەوە و یاریی گەمەکردنی بۆ دەهێنێت... بۆ ئەوەی ئەو لەگەڵ خۆیدا بهێڵێتەوە، دەڵێت:

"هام: چاوەکانت چۆن چۆنین؟

کلاو: خراپ.

هام: بەڵام دەتوانیت بینیت؟

کلاو: بەڵێ، هەموو شتێک.
هام: پێیەکانت چۆنن؟
کلاو: خراپ.
هام : بەڵام دەتوانیت بڕۆیت بە ڕێگەدا؟
کلاو: دێم و... دەڕۆم."

**هام** بە هۆی ئەم پرسیارانەوە دەیەوێت ئەوە لە **کلاو** تێبگەیەنێت کە ڕۆژێک ئەویش توانای بینین و توانـای جـووڵەکردن و ڕۆیشـتنی لەدەسـت دەدات و پیـر دەبێـت. کەواتە باشـتر وایە لەگەڵ ئەودا بمێنێتەوە و بەردەوامی بە ژیانی خۆی بدات.

"هام: ڕۆژێک وەک من کوێر دەبیت، لەوێ دادەنیشیت، خاڵێک لە فەزایەکی بێکۆتادا، لە ناو تاریکیدا، بۆ هەمیشە، هاوشێوەی من. (دوای کەمێک). ڕۆژێک بە خۆت دەڵێیت ماندوو بووم دەبێت دابنیشم و دەڕۆیـت دادەنیشـیت. دواتـر دەڵێیـت برسـیمە، هەڵدەسـتمەوە و شـتێک دەخـۆم؛ بەڵام ناتوانیـت هەڵبسیتەوە. دەڵێیت نەدە بوو دابنیشم، بەڵام ئێستا کە دانیشتووم با کەمێکی تر دابنیشم، دوا تر هەڵدەستمەوە و شتێک دەخۆم، بەڵام ئیتر هەڵناسیتەوە و شتێکیشت بۆ خواردن دە ست ناکەو یت. (دوای کەمێک وەستان). ماوەیەک سەیری دیوار دەکیت، دواتر دەڵێیت چاوە کانم دادەخەم، لەوانەیە کەمێک بـخەوم، دواتـر حـاڵم باشـتر دەبێت، چاوەکانـت دادەخەیـت. کاتێک کە چاوەکانـت دووبـارە دەکەیتەوە ئیتر هیچ دیوارێک بوونی نییە. دوای کەمێک وەستان). دەوروبەرت بە تەواوەتی خاڵییە، ئەگەر تەواوی مرۆڤەکانی هەموو سەردەمەکانیش زیندوو ببنەوە ناتوانن ئەو بۆ شاییە پڕ بکەنەوە و لەو فەزا خـاڵییەدا تـۆ هاوشـێوەی زیخێکی بچـووکی ناوەڕاسـتی بیابـان دەبیت. (دوای کەمێک). بەڵێ، ڕۆژێک تێدەگەیت کە چی بووە، وەک منت لێ دێت، تەنیا ئەوەی کە هیچ کە سێک لەگەڵتدا نییە، لەبەر ئەوەی دڵت بە حاڵی کەس نەسوتاوە، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک نە ماوەتەوە د ڵت بۆی بسووتێت (دوای کەمێک وەستان)."

ئەو هەر بەو جۆرە وا پیشان دەدات کە باوکێکی باش و دڵسۆز بووە بۆ **کلاو** و ماڵێکی هێمن و ئارامی بۆ ئەو دروست کردووە.

"هام: من باوکی تۆ بووم.
کلاو: بەڵێ. (**کلاو** تێڕادەمێنێت لە **هام**). تۆ ئەو بوویت بۆم.
هام: ماڵەکەی من ماڵی تۆش بوو.
کلاو: بەڵێ (سەیری دەوروبەرەکەی خۆی دەکات). ئەم ماڵە بۆم ئەو بوو.

هام : (مەغرورانە.) بەڵام بۆ من (ئاماژە بۆ خۆی دەکات) هیچ باوکێک نەبوو، بەڵام بۆ **هام** (ئاماژە بۆ دەوروبەرەکەی دەکات). هیچ ماڵێک نەبوو."

**کلاو** لە وەڵامدانەوەی **هام**دا کە دەڵێت: ‹‹ماڵەکەی من، ماڵی تۆش بوو›› دەڵێت: "بەڵێ ماڵەکەی تۆ ئەو بوو. ئەو تەنانەت سوود لە وشەی ماڵیش وەرناگرێت. چونکە هەست دەکات لە زینداندا دەژیی و زیندانی خواستەکانی پاسەوانی بێڕەحمی زیندانەکەیە. ئەو لە کۆتایی دیمەنی چیرۆکەکەدا دەڵێت: "من دەرگای ئەم زیندانە دەکەمەوە و دەڕۆمە دەرەوە..."

لە کۆتایی چیرۆکەکەوە **هام**دا هەندێک لە پێداویستییەکانی خۆی فڕێ دەدات: دەتوانرێت ئاماژە بکرێت بۆ سەگی گەمەکردنەکە و عاسا و فیکەکەی. سەگی گەمەکردنەکە تەنیا هاوڕێی ئەوە، عاساکە پێداویستیی جووڵانیەتی و فیکەکەش دروشمی بەهێزییەکەیەتی. ئەم کارە مومکینە بەو جۆرە شیکردنەوەی بۆ بکرێت کە ئەو هاوشێوەی ژنە بەئاگاکان هەستی بە نەبوونی دونیا کردووە و دەیەوێت پشت بکاتە دونیا و ڕواڵەتە هەڵخەڵەتێنەرەکەی، بەرەبەرە خۆی ئامادە بکات بۆ نیرڤانا؛ بەڵام لە سەرەتای چیرۆکەکەوە ڕووداوێکی تر ڕوو دەدات، کاتێک کە پەردەی شانۆ لا دەدرێتەوە **هام** دەسرە خوێنینەکەی لا دەبات لەسەر دەموچاوی و شانۆ دەست پێ دەکان، بەڵام لە کۆتایی چیرۆکەکەوە بە هەمان دەسرە دەموچاوی دادەپۆشێتەوە[7]. ئەو بەم کردەوەیە ئەوە پیشان دەدات کە هێشتا پەیوەندیی بەم دونیا مادییەوە هەیە و دەیەوێت لەگەڵ کێشەکانی ئەم دونیایەدا بەشدار بێت. "ئەو دەسرە دەتوانرێت دیاردەی ڕەنج و ئازارێک بێت کە ئەو لەم دونیایەدا ڕوو لە لەناوچوونە هەڵیگرتووە و دەیەوێت دووبارە **هام** هەڵیبگرێت›› بەم ڕێکخستنە ئەو خۆی دەرگاکانی نیرڤانا دادەخات بەسەر خۆیدا.

ئێستا دەچینە لای **کلاو** تاوەکو ببینین ئەو چ داهاتوویەک بۆ خۆی دابین دەکات. **کلاو**یش بە هەمان شێوە چارەنووسی **هام**ی هەیە. ئەویش یەخسیری دونیایی دوانەیە و ناتوانێت سروشت بە دیدێکی تاقانە (یەکتایی) ببینێت. ئەو سەیری دەریا دەکات و هیچ شەپۆلێک نابینێت، دواتر سەیری وشکانی دەکات و تێدەگات کە تەنانەت یەک دڵۆپە بارانیش نابارێت.

کێشەیەکی تر کە دەبێتە کۆسپ بۆ **کلاو** بۆ گەیشتن بە نیرڤانا، شێوەی شکڵی جەستەی ئەوە. ئەو ناتوانێت دابنیشێت لە کاتێکدا کە حاڵەتی دانیشتن لە مەکتەبی ژندا[8] گرنگییەکی تەواو زۆری هەیە. ژنە ڕێبوارەکان دەبێت کەمێک لە تالاری ژندا یان تالاری هەڵسەنگاندندا بە حاڵەتی **لوتوس**[9] دابنیشن و خەریک بن بە ڕاکێشان و کۆکردنەوەی هەموو بیر و هۆشی خۆیان، بەڵام بە

---

7. لە دەقە فەڕەنسییەکەدا نەك تەنها ئەم دەسرە خوێنینە دەمێنێتەوە، بەڵکو **هام** دەڵێت کە دەیەوێت هەڵیبگرێت. وەرگێڕی فارسی.

8. مەکتەبی ژن دوو بەشی تایبەتی هەیە، یەکێکیان مەکتەبی *رینزا*یە و ئەوی دیکە *مەکتەبی سۆتۆ*یە. لە مەکتەبی *رینزا*دا تەواوی ڕێبوراەکان بەبێ جیاوازی دەبێت کەمێك لە تالاری هەڵسەنگاندندا بمێننەوە، بەڵام لە مەکتەبی *سۆتۆ*دا ئەم کارە تەنها لە کەسێکی تایبەتدا ڕوو دەدات.

9. دانیشتن بە شێوەیەکی ئارام و خەریکبوون بە هەڵسەنگاندنی دەروونییەوە، واتە سەیرکردن و تێربوون لە زانستی دەروونی.

ڕواڵەت ئەو ناتوانێت دابنیشێت و ئەم دەستوورەش دەبێتە کۆسپ و بەرگرییەک بۆ چێژوەرگرتن لە دونیای نیرڤانا.

فیکەیەک شۆڕ بووەتەوە بە گەردەنی **هام**دا، کە بە هۆی ئەو فیکەیەوە بانگی **کلاو** دەکات. بە بیستنی دەنگی فیکەکە **کلاو** بە خێرای دەڕواتە لای **هام** تاوەکو تەواوی دەستوورەکانی ئەو جێبەجێ بکات.

"کلاو: ئەم کارە بکە، ئەو کارە بکە، من تەواوی ئەم کارانە ئەنجام دەدەم. هیچ کاتێک نەبووە کە نەیکەم. لەبەرچی؟

هام: ناتوانی نەیکەیت.

کلاو: بەم زوانە ئیتر کارێک ئەنجام نادەم.

هام: بەڵێ، دەزانم کە ئیتر گوێ بە قسەکانم نادەیت، (**کلاو** دەڕواتە دەرەوە). ئای لە دەستی ئەم کەسانە، دەبێت هەموو شتێکیان بۆ ڕوون بکەیتەوە."

وا دەردەکەوێت کە **کلاو** ماندوو بووە لە دەستی **هام**. ئەو ئەوەندە فەرمان و دەستوورەکانی **هام**ی جێبەجێ کردووە کە شێوەی سروشتی شکڵی گۆڕاوە. "جەستەی من ئەوەندە چەمێنراوەتەوە، کاتێک بە شێوەیەکی ڕێک دەوەستم پێیەکانم دەبینم"، بەڵام بە هۆی ئەمەوە، ئەو ئەوەندە خووی گرتووە بە دونیای **هام**ەوە، بە دەستوور و فەرمانەکانی، بە تەشەرەکانی و بە بووختانەکانی، کە ناتوانێت ئەوێ جێ بهێڵێت، ناتوانێت خووەکانی خۆی فەرامۆش بکات.

"هام: بۆچی لەگەڵ مندا دەژیت؟

کلاو: بۆچی منت هێشتەوە؟

هام: لەبەر ئەوەی جگە لە تۆ، کەسێکی ترم نەبوو.

کلاو: لەبەر ئەوەی جگە لەم شوێنە، شوێنێکی ترم نەبوو."

ئەو جگە لە **هام** کەسێکی تری نییە، جگە لە ماڵەکەی ئەو هیچ شوێنێکی تری نییە. نازانێت دوای جێهێشتنی ئەو ڕوو بکاتە چ شوێنێک و بچێت بۆ لای چ کەسێک؟ چ کەسێک چاوەڕوانی ئەو دەکات؟ هیچ کەسێک. ئەوەندەش بوێر و ئازا نییە لە ڕێگەی دەریاکەوە بۆ پێشوازیکردن لە ئەزموونە تازەکان، بڕوات و ئەو جێ بهێڵێت. لەڕاستیدا ئەو ناتوانێت واز لە خووەکانی خۆی بهێنێت، پێی باشە لە ماڵەکەی **هام**دا (کە جێگەیەکی ناسراوە) بمێنێتەوە، بەرەو ئەملا و ئەولا بڕوات و کارەکانی ئەو جێبەجێ بکات.

لە کۆتایی چیرۆکەکەوە ئەو جارێکی تر سەیرێکی دەرەوە دەکات:

"کـلاو: ( بەرەو لای پەنـجەرەی چەپ دەڕوات.) هەنـدێک کـات گومـان لەوە دەکەم کە ئـاوەزم لە شوێنی خۆیدایەتی، دواتر چەند ساتێک تێدەپەڕێت و تێدەگەم وەک هەمیشە کەسێکی بە ئاوەزم. (بە پەیـژەکەدا دەڕواتە سـەرەوە و سـەیری دەرەوە دەکـات). یـا مەسـیح، وشـکی لە ژێـر ئـاودایە! (دووبارە سەیر دەکات). چۆن دەکرێت ئەم ڕووداوە ڕوو بدات؟ ("سەری دەباتە پێشەوە و دەستی دەخاتە سەر چاوەکانی) باران کە نەباریوە. (شووشەکە پاک دەکاتەوە. سەیر دەکات. دوای کەمێک) ئـاە چ نەزانـم مـن! بە هەڵە هـاتوومەتە ئێـرە و لە پشـت پەنجەرەیەکـی هەڵەوە وەسـتاوم. (دێـتە خوارەوە. چەند هەنگاوێک بەرەو لای پەنجەرەی ڕاست دەنێت). وشکی کەوتووەتە ژێر ئاوەوە! (دەگەڕێتەوە بۆ پەیژەکە) من چ نەزانم! (پەیژەکە دەباتە ژێر پەنجەرەی لای ڕاست) هەندێک کات گومـان لەوە دەکەم کە ئـاوەزم لە شـوێنی خۆیـدایەتی، دواتـر چەنـد سـاتێک تێدەپەڕێت و تێدەگەم وەک هەمیشە کەسێکی بەئاوەزم."

**کـلاو** پێـی وایە کە وشـکی چـووتە نـاو ئـاوەوە (هەڵـبەتە دواتـر دەردەکەوێـت کە لە پشـت پەنجەرەیەکـی هەڵەوە وەسـتاوە، واتە لەبـاتی ئەوەی لە پەنـجەرەی وشـکانییەوە سـەیری وشـکانی بکـات، لە پەنـجەرەی دەریـاکەوە سـەیری وشـکانی کـردووە. هەر لەبەر ئەمە بـۆ سـاتێک ئەو دوانە (واتە دەریـا و وشـکانی کە بە شـێوەیەکی ڕواڵەتییـانە دوو شـتی دژن) لە تەنیشـت یەکدا و بە یەک شـێوە دەیانبینێت... بەڵام دوای کەمێکـی دیکە بە یـارمەتیی ئـاوەزی و لۆژیـک تێدەگات کە هەڵەی کردووە) شایەنی بیرهێنانەوەیە کە ئاوەز و لۆژیک لە دونیای ژندا جێگەیەکی نییە و تاک دەبێت دیاردەی دەروونی و بێشوناسی خۆی لەبەرچاو بگرێت.

ئەگەر چی لە کۆتایی چیرۆکەکەوە **کلاو** دەیەوێت **هام** جێ بهێڵێت، بەڵام تاوەکو کۆتایی چیرۆکەکە هەر بەو جۆرە بە شێوەیەکی ئارام و بێدەنگ لەگەڵ ئەودا دەمێنێتەوە، تاوەکو ئەوەی کە دواجار پەردەی شانۆ دادەدرێتەوە. بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەو خودی خۆی بێبەش دەکات لە خۆشیی نیرڤانا و پێی باشە کە لەگەڵ **هام**دا لەم دونیا فانییەدا بمێنێتەوە و ئازار بکێشێت.

ئێستا دەچینە لای **نل** و **نگ** تا بزانین بارودۆخی ئەوان چۆنچۆنییە. هەڵبەتە کە **نل** و **نگ** زۆر بە کەمـی دەردەکەون، بەڵام هەر لەم کەمـدەرکەوتنەدا دەتوانرێت هەسـت بە شـێوە و ڕەوتـی ئەوان بکرێت.

"نگ : پووشاڵەکەی تۆیان گۆڕیوە؟

نل: نا ئیتر پووشاڵ نییە (دوای کەمێک. بە بێزارییەوە). ناتوانیت کەمێک ورد ببیتەوە نگ.

نگ: باشە، گرنگ نییە، زیخی سەتڵەکەی تۆیان نەگۆڕیوە.

نل: بۆچی گرنگە (دوای کەمێک).

نگ: ئەو کاتە پووشاڵ بوو.
نل: بەڵێ ئەو کاتە، بەڵام ئێستا نا.
نگ: بەڵام ئێستا زیخ. (دوای کەمێک) زیخی لێواری دەریا (دوای کەمێک بێ سەبرانە). ئێستا زیخ کە ئەو لە لێوارەکانی دەریاوە بۆی هێناوین.
نل: ئێستا زیخ، بەڵێ.
نگ: باشە، زیخەکەی تۆی گۆڕیوە؟
نل: نەخێر."

**نل** و **نگ** لە ناو سەتڵی زبڵدا دەژین. ناوەوەی سەتڵەکە هەندێک کات بە پووشاڵ و هەندێک کات بە زیخ دادەپۆشن. ئەم جارەیان زیخیان هێناوە و ڕشتوویانەتە ناو سەتڵەکانەوە. ئەم گۆڕانە هیچ گرنگ نییە بۆ **نگ**، چونکە لە ڕوانگە و بیروبۆچوونی ئەوەوە زیخ و پووشاڵ هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵام دواتر کە **نل** داوا لەو دەکات کە کەمێک بەئاگاتر قسە بکات، بە نابەدڵی دەڵێت: (ئێستا زیخ کە ئەو لە لێوارەکانی دەریاوە بۆی هێناوین.)

بە واتایەکی تر **نگ** هێشتا بیر لە ڕەوشتە کۆنەکان دەکاتەوە، ڕەوشتێک کە لەو پۆلێنکارییەدا هێشتا جوێکاری (کار و ڕەوتی جیاکردنەوە) و دابەشکاری مانای هەیە. ئەو کەوتووەتە ناو گێژاوی "دوئلتی"ەیەوە، وشکی و دەریا بە شتێکی جیا دەزانێت و ناتوانێت ئەم دوانە بە یەک شت (یەکتایی) دابنێت. بەم شیکردنەوەیە ئەویش بە هەمان شێوە ناتوانێت ئەزموونی نیرڤانا بکات.
لە شوێنێکی تردا کاتێک کە **نگ** و **نل** لەبارەی یادگارییەکانیانەوە قسە دەکەن، دەکەونە بیری بەلەملێخوڕینەکەیان لە دەریاچەی کوموو کە لە کاتی بەلەملێخوڕیندا بەلەمەکەیان وەرگەڕاوە و کەوتوونەتە ناو ئاوەکەوە.

"نل: ئەم ڕووداوە لە دەریاچەی کوموو ڕووی دا (دوای کەمێک). دوانیوەڕۆیەکی مانگی ئەپرێڵ بوو (دوای کەمێک) بڕوا دەکەیت؟
نگ: بڕوا بە چی بکەم؟
نل: ئەمەی کە بۆ یەک جار بۆ بەلەملێخوڕین ڕۆیشتین بۆ دەریاچەی کوموو. (دوای کەمێک) دوانیوەڕۆیەکی مانگی ئەپرێڵ
نگ: ڕۆژێک پێش ئەوە بووبووینە دەزگیراندار.
نل: بووبووینە دەزگیراندار!
نگ: ئەوەندە پێکەنیت تاوەکو وەرگەڕاین. لەڕاستیدا دەبوایە نغرۆ بووینایە.

نل: لەبەر ئەوەی کە زۆر خۆشحاڵ بووم.
نگ: (بە پەشۆکاوییەوە) بەم شێوەیە نەبوو، بەم شێوەیە نەبوو، لەبەر چیرۆکەکەی من بوو و نەک شتێکی دیکە. خۆشحاڵ بووم! مەگەر هێشتا پێی پێناکەنیت؟ کاتێک کە باسی دەکەم. خۆشحاڵ بووم.
نل: ئەویَ زۆر قووڵ بوو، قووڵ. دەتتوانی قووڵایی دەریا ببینیت. چەندە زوڵاڵ، چەندە پاک."

**هام** لەبەر ئەوەی کە زۆر تووڕە بووە لە دەستی دایک و باوکی، بۆ ئەوەی ئەوان ئارام بکاتەوە بە تووڕەییەکی زۆرەوە داوا لەوان دەکات بێدەنگ ببنەوە، بەڵام **نل** بێئاگایانە بەردەوام دەبێت:
"نل: قووڵایی دەریاش دەبینرا.
هام: (بە تووڕەییەوە) هێشتا تەواوت نەکرد؟ کەی دەتەوێت بێدەنگ بیت؟ (تووڕەتر). تەواو بوونی نییە؟ (**نگ** لە سەتڵی زبڵەکەی خۆیدا ون دەبێت و سەرەکەی دەنێتەوە. **نل** هیچ جووڵەیەک ناکات. شێتانە). دار و نەدارم لەباتی پاسەوانێکی شەو! (**هام** فیکە لێ دەدات، **کلاو** دێتە ژوورەوە). ئەم پیسییە پاک بکەرەوە! بیخەرە دەریاوە! (**کلاو** بەرەو سەتڵی زبڵەکان دەڕوات، دەوەستێت).
نل: چەندە سپی.
هام: چی؟ لەباری چییەوە هەڵیتوپەڵیت دەڵێت؟ (**کلاو** دەچەمێتەوە، دەستی **نل** دەگرێت، لێدانی ڕەگی دەگرێت).
نل: (ڕوو لە **کلاو**) بیابان! (**کلاو** دەستی بەر دەدات، فڕێی دەداتە ناو سەتڵی زبڵەکە و سەرەکەی دەنێتەوە).
کلاو: (دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، تەنیشت کورسییەکە.) لێدانی لەکار کەوتووە.
هام: لەبارەی چییەوە هەڵیتوپەڵیتی دەگوت؟
کلاو: پێی گوتم بڕۆ بۆ بیابان.
هام: فزووڵی بێفەڕ، هەمووی هەر ئەمە بوو؟
کلاو: نا.
هام: ئیتر چی؟
کلاو: تێنەگەیشتم.
هام: فڕێت دایە ناو سەتڵی زبڵەکەوە؟
کلاو: بەڵێ.
هام: هەردووکیانت فڕێ دایە ناوەوە؟
کلاو: بەڵێ.
..."

ئێستا دەبێت مەبەستی **نل** چی بووبێت لە دووبارەکردنەوەی: "ئەویٚ زۆر زولاڵ و پاک بوو"؟ **نل** بڕوای بەوە هەبووە کە دەریا زەمەنێک زەوییەکی وشک بووە، بەڵام دواتر ئاو ئەویٚ گرتووەتەوە و گۆڕاوە بۆ دەریا. ئەو، ئەم دوانە (دەریا و وشکانی) جیا ناکاتەوە لە یەکدی، (بەڵی ئەوانە بەیەکەوە و لەگەڵ یەکتردا دەیانبینێت)، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت کە **نل** درکی بە یەکتایی تـوخمی سروشـت کـردووە و جیهـان بە وێـنە و شـێوەیەکی یەکتـایی دەبینێـت. ئامـانجی ئەسـڵی فەلسـەفەی ژنـیش ئەزمـوونی زهنێکـی تاقـانەیە (یەکتـاییە) یـان بە واتـایەکی تـر بیروبۆچـوونێکی تاقانەیە سەبارەت بە سروشت. زهنێک کە لە بەرانبەر *زهنێکی دابەش کراودا* دانراوە. کەواتە تەنها کەسێک کە توانیـویەتی بیروبۆچوونی خـۆی بگۆڕێت و پیٚ بنێت بەسـەر چێژ و ئازارەکانی ئەم دونیا پووچەدا، **نل**ە.

ڕێـگەی ئـازادی لە کێشـەکانی ئەم دونیـا فـانییەدا بە بروبۆچـوونی بـودا، فەرامۆشـکردن و لەبیرکردنـی خواسـت و ئارەزووەکـانە، بەڵام قبـووڵکردنی ئەم بـابەتە بـۆ **هـام** و **کـلاو** شـتێکی نەگونجـاوە. ژن، داهـاتوو و ڕابـردوو ڕەت دەکـاتەوە و ئەمەش لە کاتێکدایە کە **هـام** تەنیـا لەم دوو کاتەدا تێر دەبێت. ژن داوای تەرککردنی خووەکان دەکات، بەڵام **کلاو** ناتوانێت واز لە خووەکانی خۆی بهێنێت. ژن دەڵێت: بە دیدێکی یەکلایەنە (یەکتایی) سەیری دەوروبەری خۆت بکە، بەڵام ئەم بابەتە بە دەستوورێکی نامومکین هەژمار دەکرێت بۆ **نگ**، بەڵام **نل** دواجار ڕازی دەبێت هەست بە یەکتـایی و دوانەیـی بکـات و بگـات بە نیرڤانـا. لەوانەیە لە سـەرەتای ئەم وتـارەوە ئەم پرسـیارانە هاتبێتنە ئاراوە کە چۆنچۆنی دەتوانرێت بەرهەمێکی ئەدەبی لە ڕوانگەی ژنەوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت؟ چۆن دەکرێت کەسێکی وەک **بێکێت** خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ ژنی ڕۆژئاوا کردبێت و کاریگەریی خستبێتە سەر مەکتەبێکی ژاپۆنی کە ڕیشەکانی دەگێڕێنەوە بۆ هیند و چین؟

لە وەڵامدا دەبێت بگوترێت کە سنوورە جوگرافییەکان هەرگیز ناتوانن مەرزێک بۆ ئینسان دیـاری بـکەن. بـودا و ژن نەک پەیوەستن بە کیشـوەرە ڕۆژهەڵاتییەکـانەوە، بەڵکـو پەیوەسـتن بە هەموو کەسەکانەوە لە تەواوی سەردەم و سنوورەکانی جیهاندا. ئیناسەکان لە شێوەی ویستندا، دەتـوان سـوود وەربگـرن لە گەورەی دڵـی لاوێـنەرەوەی ژن و بـودا تـاوەکو بتـوانن بە شـێوەیەکی ئاسوودەتر و ئارامتر لەم دونیایەدا بژین و لەگەڵ تەواوی کێشەکاندا بێنەوە. **ساموێل بێکێت**یش هاوشـێوەی نووسـەرە گەورەکـانی تـری جیهـان، کەوتـووەتە ژێـر کـاریگەریی ژن و بـوداوە و بە کارامەیی تایبەتیی سروشتی بنەڕەتی ئەم مەکتەبە لە ڕەفتار و وتار و هزرەکانی، کەسایەتییەکانی خـۆی دروسـت کـردووە، ئەم دەسـتوورەش بە کەمێـک وردی و وەسـتانەوە لە بەرهەمەکانیـدا دەبینرێت.